به ناوی کوردستانی گەورە !

# سۆزی کەمان

ح.س. سۆران
soran909@hotmail.com

کەمانە کۆمەی کوڕی کەللەیی
بە سۆزەی تۆوە ، مەبەستم گەیی

سەرۆکی تیپی ، خاست ئەناسم
لێم نەبان مەبە ، من بۆ تۆ خاسم

تەلی ( می) ت ئەڵێی ئاوی ژیانە
وێنەی شۆڕەمەی ، بۆ خەم دەرمانە

(لا) ت لایەلەیەی ، دڵشکاوانە
حەنجەرە ولۆرە هەر لە خۆی جوانە

(ر)ت رێدەرمانە، بۆ جەرگەی خۆشی
مروڤ هان ئەدا ، بۆ غەم فرۆشی

(سۆل)ت سەنگینە ، زۆر عیرفا نیە
هەر وەک بلوێری دەستی شوانیە

هەڵوێستەکانت زووخ ئەوێستێنن
چەشنی قەنارەی سەر چڵ ئەخوێنن

هەستی سرووەکەت ، دڵ پشکوێنە

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

شنەی شەپۆلت مەینەت وەرینە

دامەزرێنەری نۆت و مەقامی
سەرچاوەی پەردە ونیو پەردە وگامی

شورێنەرەوەی مێشکی هیلاک بوی
حەسێنەرەوی رێبواری ماندوی

بە کوڵ هێنەری هیوای ژیانی
زیندوکەرەوەی هومێد و جوانی

*قۆرەی خەیاڵی سۆرانی بێ تین*
تۆ هەڵتگێڕا ، سەر ترێی شیرین

www.kurdistannet.org کوردستان نێت